# سەرۆکی نوینەرایەتی یەکیتی کریکارانی "ستیل کار لمتد" لەنامەیەکدا بۆ جەلال تالەبانی، ئیدانەی تەقەکردن لە مانکرتنی کرکیارانی تاسلوجە رادەگەیەنیٚ!

لەچوارچیوەی کەمپینی راکیشانی هاوپشتی یەکیتیەکریکاریەکان بۆخواستەکانی کریکارانی تاسلوجە و راوەستانیان لەکەنار خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی خەلکی کوردستاندا ریکخراوی کەنەدای حیزب توانیان نامەی بەریز " گرانتلی هاویل " سەرۆکی نوینەرایەتی یەکیتی کریکارانی "ستیل کار لمتد" بەدەست بهینن، ئەوەی خوارەوە دەقی وەرگیردراوی نامەکەیە:

پینجشەممە/10/ئابی 2006

بۆبەریز سەرۆکی کۆماری عیراق جەلال تالەبانی

بەغداد/

بابەت : دەربارەی مانگرتنی کریکاران لە عیراق

بەریز سەرۆك کۆمار:

من بەنوینەرایەتی زیاتر لەدووهەزار ئەندامی یەکیتی کریکارانی ئەنتەرناسیونال"ستیل کار لمتد" لەشاری هاملتۆنی کەنەدا ئەم نامەیەت ئاراستەدەکەم..

ئەندامانی ئیمە بەتوندی ئیدانەی تەقەکردن و کوشتنی کریکارانی مانگرتووی کارگەی چیمەتۆی تاسلوجە لەشاری سلیمانی کوردستانی عیراق دەکەن ، کەلەلایەن هیزەکانی ئاسایشی سەربە یەکیتی نیشتمانی کوردستانەوە لەرۆژی 27 تەمووزی 2006دا دەستی بۆبراوە.

کریکارانیك کەلەپیناو خواستی رەوای خۆیاندا یانی زیادکردنی کری مانیانگرتووە و پیشتریش لەلایەن ئیوەوە 300 کەستان لەسەرکاردەرکردوە و پاشان گەراندوتانەوە بۆ سەرکارەکانیان.

ئیمە داوادەکەین ئەوانەی ئەم تاوانەیان ئەنجامداوە بدرینە دادگایەکی عادیلانە و هەروەها یەکیتی نیشتمانیش چەوسانەوە و سەرکوتی کریکاران رابگری و مافی هاولاتیان بەرەسمی بناسینی ولەوانەش مافی خۆپیشاندان و مانگرتن.

دلسۆزتان

"گرانتلی هاویل"

سەرۆکی نوینەرایەتی یەکیتی کریکارانی "ستیل کار لمتد"

وینە بۆ:

- حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

مەکتەبی یەکیتی نیشتمانی لە لەندەن